گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەرهەمی شیعری و ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیری و هەڵوێست لە شیعری (کەریم شارەزا)دا

**محمد مغدید عبدالله**

قوتابی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەولێر، کوردستان، عێراق

mohamad.maghded@koyauniversity.org

**پ. د عثمان حمد دەشتی**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەولێر، کوردستان، عێراق

Osman.hamad@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/١

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

*Karim Saraza, Poetry, Culture, Attitude, Woman*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.12

## پوختە

کەریم شارەزا یەکێکە لە شاعیر و نووسەرە گەورەکانی کورد ، لەماوەی تەمەنیدا زیاتر لە (60) ساڵ خزمەتی زمان، ئەدەب، هونەرو کەلەپووری گەلی کوردی کردووە. لەهەموو ئەو بوارانەدا، بابەتی گرنگ و بەپێزی پێشکەش کردووە، زۆرجار لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی تووشی دەربەدەری و سانسۆر و پەراویز خستن هاتووە، شیعر و هەڵوێستەکانی شارەزا، بەهایەکی گەورەیان بەخشیوەتە ناو و ناوبانگی ناوبراو وەک ڕۆشنبیرێکی کورد. لەبواری شیعر نووسیندا خاوەنی سێ بەرهەمی بڵاوکراوەیە، لەڕوانگەی بەشێک لە شیعرەکانییەوە هەلوێست و دیدی شارەزامان بۆ مەسەلەکانی سیاسەت و گیانی کوردپەروەری و نەتەوایەتی و تێکۆشان و خزمەت بە بواری ئەدەبی و هونەر وکەلەپوور و مەسەلەی ژن خستۆتەڕوو .ئەگەرچی بەکورتی باسمان لەو بابەتانە کردووە، بەلام هەوڵمان داوە بەهای ئەو بیرە ڕۆشن و پێشکەتنخوازیەی ناوبراو بەدیار بخەین و دڵۆپێک لە دەریای پڕ بەخششی ئەو کەسایەتییە گەورەیەی کورد بخەینە بەرچاوی خوینەران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1- پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش و هەربەشێکیش لە دووتەوەرە پێکهاتووە. لەبەشی یەکەم تەوەرەی یەکەم باسمان لە بون و مردن و ژیانی ئەدەبی و ئاشنایەتی کەریم شارەزا بە شیعر و ئەدەب کردووە. تەوەرەی دووەمیشمان تەرخانکردووە بۆ بەرهەمە شیعریەکانی شارەزا، سێ بەرهەمی شیعری چاپکراوی هەیە، باسمان کردوون. لە بەشی دووەم تەوەرەی یەکەم،تیشکمان خستۆتەسەر ژیانی ڕۆشنبیری ناوبراو، وەك ڕۆشنبیرێکی کورد ، لەم ڕوانگەیەوە دیدی شارەزامان بەدیار خستووە لەمەڕ مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەتی لە بواری ئاشتی خوازی و گرنگی دان بە ڕۆڵی ژنان، لەم بارەیەوە چەند نموونەیەکی شیعری ناوبراومان داناوە. شارەزا لە مەیدانی سیاسەتدا کاری کردووە، ئەمە بەسەر بەشێك لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، تەوەرەی دووەم لە بەشی دووەم، تەرخانکراوە بۆلایەنی سیاسی ناوبراو، لەو بوارەدا هەڵوێستی ناوبراومان بەنموونەی شیعری پیشانداوە بۆ مەسەلەکانی سۆشیالیزم ویەکسانی، خەبات و تێکۆشان، هەلوێستی نەتەوایەتی و چینایەتی. دواترهاتووین لەچەند خاڵێکدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان نووسیوە، ئینجا لیستی ئەو سەرچاوانەی کەڵکمان لێیان وەرگرتووە ڕیزمان کردوون، لەکۆتایدا پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی داناوە.

### 1-1: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

کەریم شارەزا کەمترین نووسینی لەبارەیەوە نووسراوە، تەنانەت هیچ لێکۆڵینەوەیەکمان بەرچاو ناکەوێت دەربارەی ئەو دنیا فراوانەی کە شارەزا لە ماوەی 60 ساڵ کاری تیدا کردووە، لەکاتێکدا زۆربەی ئەو بوارانەی ئیشی لەسەر کردوون مایەی ئەوەن بخرێنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو نووسین ئەم توێژینەوەیە لەو درزەوە سەردەردەکا، کە خزمەتێکی کەم بە خزمەتەکانی ئەم شاعیرو نووسەرە گەورەیە بکات.

### 2-1: گرینگی توێژینەوەکە:

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ، کە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیان و بەرهەمە شیعریەکانی سەربازێکی ونی دنیای نووسین وئەدەبی کوردی لە خۆگرتووە، وادەکات نووسەران وتوێژەران لەم دەلاقەیەوە بڕوانە ئەم کەسایەتییە گەورەو ڕۆشنبیرەی کورد و زیاتر ئاشنای بن.

**3-1: گیروگرفتی توێژینەوەکە:** نووسین و توێژینەوە لەسەر بەرهەمی شیعری شاعیرێك، کە خاوەنی سێ بەرهەمی چاپکراوی شیعریە، بە چەند لاپەرەیەك حەقی خۆی پێنادریت. بۆیە ناچاربووین بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم گرفتە، کورت بڕی لە توێژینەوەکەمان بکەین.

**4-1: سنووری توێژینەوەکە:** ڕوانینی ڕۆشنبیرانەو پڕاکتیزە کردنی هەڵوێست و دیدی شارەزا لە خۆ دەگرێت، لەچوار چێوەی بەرهەمە شیعریەکانیدا.

**5-1: ڕیبازی توێژینەوەکە:** بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری، کاری لەسەرکراوە.

## بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم

### 1- لە دایک بوون و مردن:

باوکی کەریم شارەزا ڕۆژی لەدایکبوونی کوڕەکەی لەسەر بەرگی داستانەکانی شانامە بەم شیوەیە نووسیوە:(( کەریمی کورم لە ڕۆژی 4/ 3 / 1928دا، لە گەرەکی هەواو لەشاری کۆیە لەدایکبوو، ئەو ڕۆژە کەوتۆتە ناو مانگی ڕەمەزانی 1346 ی کۆچی " (شارەزا، 2021، 6). لە بارەی ناساندنی خۆیەوە دەڵێت: "ناوم کەریم کوڕی مستەفاغای کوڕی حەماغای حەوێزییە و ناسراوم بە کەریم شارەزا، دایکیشم ناوی عایشەی کچی مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مەلا وەسمانی خۆشناوی ناودار بەکاکی زێوەو خەڵکی گوندی سەروکانی نزیک بێتواتە بووە" ( شارەزا،2021، 7 ) .

خانەوادەی شارەزا خوێندەوار و ئەدەب دۆست و کورد پەروەربووین. ، حاجی بەکرئاغای شاعیر ناسراو بە (قاصد-1875 -1853) باپیری باوکی کەریم شارەزایە، دوای مردنی قاصد؛ حاجی قادری کۆیی، شیعرێکی بە زمانی فارسی بۆ مەرگی قاصد داناوە و بووەتە شیعری سەرمەزاری گۆرەکەی.(مستەفا و سورخی, 2008، 17). یەکێکی تر لە کەسایەتیە دیار و بەناوبانگەکانی بنەماڵەکەیان، ئەمین ئاغای کوڕی حاجی بەکرئاغای ناسراوە بە (ئەختەر/ 1838 -1888)ی شاعیر(حەویزی، 2022، 18). دەکاتە خاڵی باوکی شارەزا، ئەختەر شاعیرێکی هەست ناسك و هونەرمەند و بەناوبانگ بووە، کتێبخانەو دیوەخانەکەی یانەی ئەدەب و هونەرو بەزم و ئاهەنگ بووە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کەیفی جوانڕۆیی، سەردەمێکیش حاجی قادری کۆیی و شاعیرانی ئەوسەردەمە

جێگای دیاریان هەبووە لە دیوەخانەکەی، حاجی قادری کۆیی بە ئەمین دەولە ناوی هێناوە.(سەیدبرایم، 2014، 30). نەنکی شارەزا، ناوی خاتوو( سوراحی)بووە. کچی حاجی بەکرئاغای قاصدو خوشکی ئەختەری شاعیرە، ئەویش شیعری داناوەو ئەدەب دۆست بووە(دلزار، 2020، 35). شارەزا دەبێتە برای هەردوو کەسایەتی سیاسی و نیشتیمان پەروەر و شاعیر ئەحمەد دلزار و خوشکە فریشتە (سەیدبرایم، 2017، 62). لە 2/11 / 1954 ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو خێریە عبدولرەحمان مەلانەشئەت جەلیزادە پێکهێناوە. بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریە شەش منداڵ بووە، چوارکوڕو دوو کچ، لەشەوی22لەسەر 23/ 5/ 2015، کەریم شارەزا بە هۆی نەخۆشی لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، لەڕۆژی 23/5/ 2015 لە مەڕاسیمێکی شایستەدا، لە زێدی خۆی شاری کۆیە لە گۆڕستانی دەرویش خدربەخاک سپێردراوە( galawej.com 2020/5/4 ).

## 2- کورتەیەك لە ژیانی ئەدەبی شارەزا:

ئەوکاتانەی لە قوتابخانەدا، مامۆستا شیعرە نیشتیمانییەکانی(حاجی و پیرەمێرد و قانع)ی پێ لەبەردەکردن ولە گۆڕەپانی قوتابخانە، دەیانخویندەوە و دەکەوتنە بەر ڕێژنەی چەپڵە ڕێزانی قوتابیان و مامۆستاکان. یان ئەوکاتانەی لە ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەییەکاندا، دەبووە بینەری ئەوچالاکیانەی خەلکی لە خۆی گەورەتر، پێشکەشیان دەکرد. ئەو دەکەوتە نێو دنیای خەیاڵی خۆپێگەیاندن و هاتنە ناوکایەی شیعر و ئەدەبیات. بەناو هینانی نەورۆز سەرسام بووە، مووچرک بە جەستەی داهاتووە. کاتێك بۆیەکەم جار لە ساڵی 1945، لە قوتابخانە بڕیار دەدرێت ئاهەنگی یادی نەورۆز ئەنجام بدەن، دەڵێت: " کە گویم لە وشەی نەورۆز بوو وەك دەنگیکی زوڵاڵی نوێی پڕ ئاوازی سیحراوی هۆش و هەستی جوڵاندم و خستمیانە ناو دەریایەکی قولی ئەندێشەو بیرکردنەوە" ( شارەزا، 2009، 16). هەر ئەو سەرسام بوون و ناخ هەژاندنە وادەکات، دواتر جوانترین و ناسکرتین سروود، لەسەر نەورۆز(نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول) بە ڕۆحمان ئاشنا بکات.

## 3- ئاشنایەتی لەگەڵ شیعرو ئەدەب:

لە ئەدەبی کوردیدا، شیعرپانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، زۆربەی بەرهەمی کۆنی ئەدەبی کوردی، ئەوەی وەك نووسراو تائیستا بۆمان ماوەتەوە، خۆی لەچوارچێوەی شیعردا دەبینێتەوە. هەرلەبابەتاهیری هەمەدانیەوە تا مەلای جزیری، خانی، فەقێ تەیران، قوتابخانەی شیعری بابان و

قۆناغەکانی دوای ئەوان. " دووبەیتەکانی بابا تاهیر بە سەرەتای شیعری کوردی دادەنرێن بەشێوەیێکی گشتی" (خەزنەدار، 2001، 160).هەر لەبارەی ئەدەبی نووسراوی کوردیەوە، دکتۆرعوسمان دەشتی دەڵێت: "ئەدەبی نووسراوی کوردی، کە شیعر پشکی هەرەمەزنی پێکدەهێنیت، تەمەنێکی هەزارساڵەی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کەناڵەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا ماوەتەوە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەشی لەسەر نەکراوە، تا ئەوەی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەنووسی کوردی پەیدا دەبێت ئەم ڕۆڵە دەگێڕیت و ئەم ئەرکە گرنگە لە ئەستۆ دەگرێت" (دەشتی، 2022، 11).

شارەزاش هەر لەڕێگەی شیعرەوە هاتۆتە ناوەوە "  لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، کەوتووەتە ناو دنیای ئەدەبی کوردی تام و چێژێکی زۆر لە شیعرە نەتەوەییەکانی حاجی قادری کۆیی و بێکەس و ئەحمەد موختار جاف و دڵدار و دلزار وەرگرتووە، هۆنراوە پڕ هونەرەکانی نالی و کوردی وپیرە مێردو گۆران پتر ڕاکێشیان کردووە بۆ هاتنە ناو دنیای شیعری هاوچەرخی کوردی و بەهرەی شاعیری لەلا خولڤاوە، لەساڵی (1949) وە هەوڵی شیعر نوسینی بووە" ( حەیدەری، 2018، 1776). کامەران شارەزا، دەڵێت: " سەرەتا وەك زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەوکاتە بە نووسینی شیعر دەستی پێکرد " ( شارەزا، 2021، 4). لەکتێبی (مەلا ئەسعەد ودەقی مەقامە ڕەسەنەکانی)دا هاتووە:" لەساڵی 1952وەوە بەرهەمی ئەدەبی لەشیعرو لێکۆڵینەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکاندا بڵاو دەکاتەوە" ( شارەزا و ئاری،2011، 96). بەڵام ناڵێت یەکەم بەرهەمی بڵاو کراوەی چی بووە؟. لەدواین چاوپێکەوتنیدا شارەزا دەڵێت: " تەواو لەبیرمە، یەکەم نۆبەرەی خۆم لە ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاوکردەوە، کە لەساڵی 1952 لە لایەن یەکیتی مامۆستایانی کوردستان بەسەرپەرشتیی مامۆستا(عیزەدین فەیزی)بڵاودەکرایەوە" (عەبدولرەحمان، 2014، 9).بەڵام نەیگوتووە بابەتە بڵاو کراوەکەی چی بووە؟ ئاری محەمەد سابیر لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤاری هەولێر بڵاو کردۆتەوە، بەناونیشانی (چوار قۆناغ لە دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارێك بەناوی هەولێر)لە بەشیکی توێژینەوەکەیدا دەڵێت: " لەم ڕۆژنامەیەدا شیعریش بڵاو دەکرایەوە، شیعری شاعیرانی وەك: خادم – بورهان جاهید – کەریم شارەزا – زەکی هەناری" (سابیر،2017/7/31، Dangakan.info.) لێرەدا وەک ئەم توێژەرە باسی کردووە شارەزا وەک شاعیرناوی هاتووە، لەبەشی دواتری توێژینەوەکەیدا ناوی نووسەرانی ڕۆژنامەکەی نووسیوە، ناوی شارەزا نەهاتووە، بەڵام شارەزا لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: "

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەم بابەتی ئەدەبیم کە بڵاوکرابێتەوە ، سەروتاری یەکیک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هەولێری زمانحاڵی کۆمەڵەی مامۆستایانی لقی هەولێر بوو" (شارەزا، 2021، 243). کەواتە ئیستا بۆمان دەرکەوت، شارەزا سەرەتای هاتنە ناو دنیای ئەدەبی بە لەبەر کردنی شیعری شاعیران و نووسینی شیعر بووە، بەڵام یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی سەروتاری یەکێک لەژمارەکانی ڕۆژنامەی هەولێربووە لەساڵی 1952. بەم شێوەیە بەردەوام بووە." لەڕۆژنامەی (هەولێر)زمانحاڵی کۆمەڵەی مامۆستایان– هەولێر لەساڵانی (1950– 1953) بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو شیعرو کورتە لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە، لەساڵانی(1954- 1957)دا هۆنراوەی لە ڕۆژنامەی (ژین) بڵاو کردۆتەوە ئەوسا مامۆستا گۆران سەرپەرشتی دەکردوو لەساڵی 1956 بەرەو هەورازیش شیعرو نووسینی لە گۆڤاری هەتاودا پەخش کردووە، لەساڵی 1957دا شیعری لەگۆڤاری (هیوا)پەخشکردووە، لەساڵی 1958 یشدا لە گۆڤاری (پێشکەوتن) و لەپایزی ئەوساڵەش لەگۆڤاری(شەفەق)کە لەکەرکووك دەردەچوو هۆنراوەی سیاسی بڵاوکردۆتەوە و چەند شیعرێکیشی لە ڕۆژنامەی (ئازادی) پەخشکردووەو وردە وردە سەرنجی ڕەخنەگرو ئەدەب پەروەرانی بۆ شاعیریەتی خۆی ڕاکێشاوە، لەپاڵ شیعریشەوە دەستی داوەتە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی؛ لێی سەرکەوتووبووە. پاش ڕێککەوتننامەی11ی ئاداری1970 بەرهەمە ئەدەبیەکانی لە گۆڤارەکانی (برایەتی، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، هەولێر، نووسەری کورد، نووسەری نوێ، ڕۆژنامەی بیری نوێ، ئاسۆی زانکۆ)دا بڵاوکردۆتەوەو لێکۆڵینەوەی دوور و درێژیشی لە( گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد، بەرگی یازدەهەم، ساڵی 1984، بە ناونیشانی : ساغ کردنەوەی هەندێ گیرو گرفتی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، لاپەرە 203 – 263 ) بڵاو کردۆتەوە.

لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991دا، بەرهەمە ئەدەبیەکانی لە ڕۆژنامەکانی کوردستانی نوێ، برایەتی، ڕێگای کوردستان، ئاڵای ئازادی، خەبات، الاتحاد) بڵاو کردۆتەوە، بابەتی درێژیشی لە گۆڤارەکانی(ڕامان، کاروان، سەنتەری برایەتی، هەولێر، هەرێم، زاگرۆس، هاواری کەرکووك، گوڵانی عەرەبی، الصوت الاخر، مێرگ و گۆڤاری کەکۆن) بڵاوکردۆتەوە ( حەیدەری ، 2018، 1776).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی دووەم

### - بەرهەمی شیعری:

شارەزا لەدوای پەنجاکانەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی کردووە، سەرەتا بەناوی کەریم مستەفا حەویزی خۆی ناساندووە، بەڵام ئەوە زۆر ناخایەنێ لەلایەن مامۆستا گیوی موکریانی نازناوی (شارەزا)ی پێدەدرێت " مامۆستا گیوی موکریانی ناوینام شارەزا، مامۆستا کەریم بە فرمێسکی گەرم یادگارە جوانەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە چۆن لە پەنجاکان، کاتیك دەستی لە ملی نووسین و دنیای نووسین کرد، ئەو وەختە دەیویست بابەتەکانی بەناوی (کەریم مستەفا حەویزی) بڵاوبکاتەوە، بەتایبەتی لەگۆڤاری(هەتاو)بەڵام مامۆستای نەمر(گیوی موکریانی) رایسپارد، کە ناوی کوردی لە خۆی بنێت، هەروەکو چۆن قەناعەتی بە(مەجید حەداد)هێنا، ناوی ببێتە (مجید ئاسنگەر) بۆیە بڕیاری دا، نازناوی (شارەزا) هەڵبژێرێ، ئەمەش بووەتە مایەی دڵخۆشی( کەریم شارەزا)، کە ئیدی هەموو بابەت وکتێبەکانی خۆی بەوناوەوە بڵاوکردەوە، بەتایبەتی بابەتەکانی لەگۆڤاری (هەتاو)کە ئەوکات لەهەولێر لەلایەن (گیوی موکریانی) بڵاو دەکرایەوە. (عەبدولرەحمان، 2014، 9).

شارەزا لەدرێژەی تەمەنی خۆیدا، دوو کۆمەڵە شیعری بەچاپ گەیاندووە، ئازادی و ژیان ساڵی 1960. ڕێگەی دوورساڵی1971. دواتر هەردوو کۆمەڵە شیعرەکە، لەگەڵ هەموو ئەوشیعرانەی دوای ئەو دوو کۆمەڵە شیعرە نووسراون، کۆکراونەتەوەو لە کتێبێکی (400) لاپەرەیی، لە ساڵی 2016دا بەناوی دیوانی شارەزا لەلایەن خانەوادەکەی بڵاو کراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1): بەرهەمەشیعریەکان:**

| ژ | ناوی بەرهەم | جۆری بەرهەم | ساڵی چاپکردن |
| --- | --- | --- | --- |
| 1- | ئازادی و ژیان | کۆمەڵە شیعر | 1960 |
| 2- | ڕێگەی دوور | کۆمەڵە شیعر | 1971 |
| 3- | دیوانی شارەزا | دیوانی شیعر(کۆ بەرهەم) | 2016 |

### 1- کۆمەڵە شیعری ئازادی و ژیان:

یەکەم کۆمەڵە شیعری بڵاوکراوەی شارەزایە، لەساڵی 1960 لەچاپخانەی وەفا لەبەغدا چاپکراوە.(شارەزا، 1960، 5).ئەگەرهەرلەناونیشانەکەوە وردبینەوە، بەتێڕوانینێکی سیاسیانە

هەڵبژاردراوە، (ئازادی) مەبەست لێی ئازادی گەلانی عیراقە لە دەست حوکمی پاشایەتی. (ژیان)وەک ئاشکرایە ژیانێکی نوێ لەسایەی کۆماری نوێی عیراق و سەرۆکەکەی (عەبدولکەریم قاسم). ئیترئەمە ڕەنگی داوەتەوە لە ناو ئەو کۆمەڵە شیعرە، ژمارەی شیعرەکانی ئازادی و ژیان (17) شیعرە، (5) شیعریان تایبەتە بە شۆڕشی 14ی تەموزو ئەوبیرو باوەڕەی کە پەسەندی ئەو گۆڕانکاریانەی ئەوسەردەمەی دوای 1958 دەکات. لەوسەردەمەدا لەوانەیە تارادەیەك خەڵک بەگشتی سەودای خویندنەوەو وەرگرتنی چێژی لەم جۆرە پیاهەڵدان و مەدحکردنەی شۆرشەکەو سەرکردەکەی هەبووبێت، بەلام بە تێپەڕ بوونی کات، بەتایبەتی دوای دروست بوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەت و کورد، ئەوحەزە وردە وردە کاڵدەبێتەوە، ئەوجۆرە شیعرە جگە لە تۆمارێکی مێژوویی بۆنەکانی ئەوسەردەمە، چێژی بەردەوام نابەخشن بە خوینەر.

سروودی (هیزی گەل) لەناوئەوکۆمەڵە شیعرە دایە، یەکێکە لەو(5) شیعرانەی کە بۆ ڕووداوەکانی 58 نوسراوە، هەرلەناونیشانی شیعرەکەوە تا کۆتایی، باسی هێز و تواناو خۆڕاگری میللەت دەکات دژی زوڵم و چەوسانەوە. لەلایەن مامۆستا بیلال بەهائەدین ئاوازی بۆ داندراوە، نوسەرو شاعیر( محەمەد توفیق ووردی) لە کتێبی ( مدینة کویسنجق والمصلح الاجتماعی ابراهیم صابر ولی ) دەڵێت: سروودی هێزی گەل، یەکێکە لەو سروودانەی، مامۆستا بیلال ئاوازی بۆداناوەو بەدەنگی خۆی، لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمارکراوە.( ووردی، 1972، 22). ئەم کتێبە لەساڵی 2014 لەلایەن ئەدیب و شاعیری شاری کۆیە، مامۆستا مەولود ژاکاو، وەرگێردراوەتە سەرزمانی کوردی، یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی (سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە)بەهەمان شێوە باس لەشیعرەکەو ئاوازدانەرەکەی دەکات.(ووردی، 2014، 18).

ئەو کۆمەڵە شیعرە، بە شێوەیەکی سەردەمیانەو نوێخوازانە نووسراون، شێوازی کۆنی شیعرنووسینی تێدا فەرامۆشکراوەو تازەکردنەوەی شیعری کوردیان تیادا ڕەچاو کراوە. پێشەکی لەلایەن(عەبدولرەزاق بیمار)ەوە نووسراوە.(شارەزا، 2016، 19).

## 2- کۆمەڵە شیعری ڕێگای دوور:

دووەم کۆمەلە شیعری شارەزا بەناوی ڕێگای دوورە، لەساڵی 1971دا بڵاوکراوەتەوە، بەیارمەتی (وەزارەتی کاروباری ژووروو لەچاپ دراوە، لەچاپخانەی نەعمان لە نەجەف).(شارەزا،1971، 4).

پێشەکی لەلایەن (عەبدولرەزاق بیمار)ەوە نووسراوە. (24) شیعری لەخۆ گرتووە. مەبەستی ناونانی ئەم کۆمەلە شیعرە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، گەلی کورد لەمێژە رێگەیەکی دووری گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی بگات بەئامانج و مافەکانی. بەهۆی ریکەوتنی (11)ی ئاداری ساڵی 1970 کورد توانی بە بەشێك لەمافەکانی بگات، بەڵام شارەزا ئەم ناونیشانەی کردۆتە پەیامێك بۆ گەلەکەی، کە نابێ ئیتر دەستەوەستان لیی دانیشین بڵێین تەواو، رێگامان بری، بەڵکو گەلێک رێگەی دوورمان ماوە بیبڕین، تا تەواوی ئامانجەکانی گەلی کورد بەدەست بێنین. دەستەواژەی رێگای دوور لە شیعری (زەنگی ئاشتیدا) بەمشێوەیە هاتووە .

بەڵام هاوڕێم
هاوڕێی بەرزی بەرێو جێم
ئینسانی پیاو
تێکۆشەری خوێن گەرمی لاو
نابێ بڵێی: رێگام بری فرمانی سەر شانم تەواو !!
ئێستاش گەلێ
رێگەی دوورمان ماوە ببرین
پەردەی تاری برا کوژی
لەسەر شانۆی دڵمان بدرین
فرمێسکی ماتەمی سوورمان
بۆشەهیدانی کوردستان
بسرین ! بسرین !(شارەزا، 1971، 10).

زۆربەی شیعرەکان، شێواز و فۆرمیکی نوێی شیعریان تیدا بەکارهاتووە، خۆیان لە فۆرمی شیعری ئازاد دەدۆزنەوە، ئاواز و وێنەی شیعری لە ریگەی شیعریەتەوە لە شیعرەکان بەرجەستە کراون " شیعری ئازاد ئەوشیعرەیە کە دەیەوێ شیعریەت( لەجیاتی ئەوەی بەقافیە دروست بکات) بە شیعریەت دروستی دەکات. لەجیاتی ئەوەی بە مۆسیقای عەرووزی شیعر دروست بکات، بە مۆسیقای ناوەکی دروستی دەکات یان بەوینەی نوێ و فۆڕمی تازە" ( پیربالْ، 2005، 88).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نموونەیەك لەو كۆمەڵە شیعرە:

دۆستەكانم
گەلی ڕەقن، وەك پۆڵانە
لە گشت لاییكی دنیانە
لەناو دارستانەكانی
ئەفریقیانە!!
لەئەمریكا
لە ناو كارگەو كێڵگەكانا
شاگردی ڕاست و دڵسۆزی
گیڤارانە !!(شارەزا، 1971، 34).

### 3-دیوانی شارەزا:

ئەم دیوانە (400) لاپەڕەیە، دوای كۆچی دوایی شارەزا، لەلایەن ئەندامانی خانەوادەكەی لە ساڵی 2016 بڵاوكراوەتەوە. نووسیویانە سەرجەم شیعرەكانی شارەزای لەخۆ گرتووە. بەڵام بەپێی ئەم توێژینەوەیە دەردەكەوێت ئەوە هەمووی نییە، بۆنموونە: لە گۆڤاری نوسەری كورد شارەزا دوو شیعری شاعیری ئینگلیز(ئانا باربۆڵد)ی وەرگێڕاوەتە سەرزمانی كوردی، بەڵام لە دیوانەكەدا نییە، شیعری یەكەم دەربارەی ژیان نووسراوە:

ئەی ژیان!!
ئەی ژیان!
من نازانم تۆ چیت ؟!
بەڵام ئەوەندە دەزانم كە من و تۆ
هەردەبێ لێكتر جودا ببینەوە!!
ئایا دەزانی لەكوێ بەیەك گەیشتین و
كەی و چۆن ؟!
ئەمانە هەموویان تاكو ئێستاكە نهێنین!!

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

کاتێك کە وەختی ئەو لێك دابڕانە دادێ و

تۆ دەڕۆی

پێم مەڵێ: (شەوێکی شاد و بەختەوەر)

بەڵام هەر ئێستا

لە بەیانی ڕووناک دا

کاتێکی پڕ لە خێر و خۆشیم بۆ بخوازە!!

پارچەی دووەمی شیعری ئەو شاعیرە، چەند ساتێك بەرلەمردنی نووسراوە بەم شێوەیە شارەزا کردوویەتی بەکوردی:

(شاعیر) – تۆ کێیت ؟

(مردن) – بەخوا سەیرە نام ناسی؟

ئایا چاوەڕوانت نەدەکردم ؟!

-بۆ کێم دەبەی؟

-لەگەڵ مندا وەرە ئەوسا دەبینی!

-ڕێگەکە تاریك و نوتەکە!

-بەڵێ تاریك ونوتەکە

بەلام خۆش کراوە، ملیۆنەها خەڵکی تر

بەر لە تۆ پێ ی دا ڕۆیشتون!! ( شارەزا، 1992، 142).

لەلاپەرە (8) دا چاومان بە نووسینیکی (ئەحمەد دلزار) دەکەوێت، بەناونیشانی (بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی کەریم شارەزای نەمردا) دەربارەی ژیان و شاعیریەتی شارەزا، ڕایخۆی نووسیووە. دواتر(مومتاز حەیدەری)لەلاپەرە(12)دا بابەتێکی وەک پێشەکی نووسیووە بەناونیشانی( شارەزای قەڵەم قوتابخانەیەکی کلتووری هەمەڕەنگ) سەرنج و تێبینیەکانی خۆی دەربارەی کەریم شارەزاو بەرهەم و بڵاو کراوەکانی خستۆتەڕوو، لەلاپەڕە (17)دا (ئازاد دلزار) برازای شارەزا، لە ژێر

ناونیشانی (چەند قسەیەک) هەندێك یادەوەری خۆی لەگەڵ شارەزا باس کردووە. (شارەزا، 2016، 5-20).

شیعرەکان بەسەر (8) بەش دابەش کراون، هەربەشەو ناونیشانی تایبەت بەخۆی بۆ داندراوە:

**1**- لەلاپەڕە(21)دەست پێدەکات تا لاپەڕە(74) بەناونیشانی (ئازادی و ژیان)هەمان کۆمەڵەشیعرە، کە لەسەرەوە باسمان کردووە.

**2**- لەلاپەڕە (75) دەست پێدەکات، تا لاپەڕە (142)، ئەوبەشەش هەمان کۆمەڵە شیعری (ڕێگای دوور)یان لە خۆگرتووە. ئەو گۆڕانکاریانەی بەدی دەکرێت لە بەشی یەکەم و دووەم، گۆڕینی زنجیرەی شیعرەکانە، لەگەڵ هەندێ دەستەواژە و ڕستە لەشیعرەکان.

**3**- ئەم بەشە ناونیشانی (لەئاسۆی ئادارەوە)ی بۆ داندراوە، لە لاپەڕە (143) دەست پێ دەکات، تا لاپەرە (172) ئەویش (8) شیعری لەخۆ گرتووە، لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە نووسراون تا کۆتایی حەفتاکان، تەنها یەك شیعر(دایک)ڕیکەوتی نووسنی بۆ دانەندراوە. وەک لە ناونیشانەکەی هاتووە، زیاتر پەیوەستە بە (11)ی ئاداری ساڵی 1970 و نەورۆزو خەبات و تێکۆشانی کورد، لەفۆڕمێکی نوێی شیعریدا هۆنراونەتەوە. دەوڵەمەند کراون بەناوهێنانی زەردەشت، ئاهورامەزدا، ئەهریمەن، نووسەرو تێکۆشەرانی جیهانی وەک گۆرگی، گیڤارا، لۆسەرکینگ، ئەنجێلا و لۆرکا، لەپاڵ ئەوانەش تێکۆشەرانی کوردی وەک: قازی محەمەد، دکتۆر فوئاد، شێخ سەعیدی پیران و بارزانی، هەروەها ناوهێنانی وڵاتانی خەباتگێری وەك ڤێتنام، فەلەستین و کوردستان، ئەمەش وای کردووە باڵادەستی خۆی پیشان بدات لە بەیەك بەستنەوەی خەبات گێرو خەباتی گەلی کورد بە خەباتگێرو خەباتی گەلانی دنیا.

**4**- ئەم بەشە بەناوی (یادگاری کۆن)هاتووە، لە لاپەڕە (173)دەست پێدەکات تا لاپەڕە (206) وە (21) شیعری لە خۆگرتووە، شیعرەکان زیاتر سەروادارن، بەخەیاڵی ڕۆمانسیانە نووسراون، بەشێکیان کراونەتە سروودو گۆرانی، زۆربەی شیعرەکان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو. تەنها شیعری )لە یادی حاجی قادری کۆیی)لەساڵی 1972 نووسراوە. ئەم شیعرانە (گۆرانی بەهار، کچەکورد، کیژۆڵە دڵ نەرمەکە، پەشیمانی) مێژوویان لەسەر نییە. لەم (21)شیعرە، شیعرێکیان دوبارەیە، دووجار نووسراوەتەوە، واتە (20) شیعرە، شیعرە دووبارەکە، بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوو ناوی جیا، لەلاپەڕە (176) بە ناوی (گۆرانی بەهار) نووسراوە، (12) بەیت و نیوە بەیتێکە، بەڵام لەلاپەڕە (186) هەمان شیعر بەناونیشانی (سروودی نەورۆز) نووسراوەتەوە، کە (13) بەیتە.

**5**- ئەم بەشە بەناوی (شیعری فێرکردن) لەناو دیوانەکەدا داندراوە، سێ تەوەر لەخۆی دەگرێت بەم شێوەیە:

**أ**- ئۆپەرێتی وەرزەکانی ساڵ: لەساڵی 1972 نووسراوە، 50 دێرە شیعرە، شاعیربەزمانی هەروەرزێك وەسفی وەرزەکەی کردووە بەشیعر، باسی چاکەو خێرو کاریگەریەکانی خۆیان دەکەن، خۆریش هاتووە هەرچوار وەرزەکەی بەرۆڵەی خۆی داناوەو تینوو ڕوناکی خۆی پێ بەخشیون. بۆ قوتابیانی بنەرەتی هۆکاریکی باشە بۆ ناسینی خۆر و وەرزەکانی ساڵ.

**ب**- شانۆگەری ڕێگەی بەختیای:
سێ پەردەیە، جگە لە سیناریۆو پیشاندانی شوێنی ڕووداوەکان و کات و کەسایەتیەکان، سەرجەم حیوارەکان بەشیعر نووسراون، بەزمانێکی سادەی رەوان، ناوەڕۆکی شانۆگەریەکە بریتییە لە پیشاندانی، ماندووبوون و ئەرکە قورسەکانی جووتیارو کرێکارو خەلکی زەحمەت کێش، بەهۆی دەردی نەخوێندەواری، لەساڵی 1978 نووسراوە، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، مەبەست لێی هاندانی خەڵکی نەخوێندەوارە، بۆ خوێندن.(شارەزا، 2016، 216 – 236).

**ج** - دەمە تەقێی ڕێگەی زانین :
ئەم دەمە تەقێیە بەشیعر نووسراوە، لەنێوان باوک و کوڕ، ناوەڕۆکی دەمەتەقێیەکە بریتییە لە باسی خویندن و زانین.

**6**- بەناونیشانی (کێشەی ژیان ومردن)ە، لەلاپەرە 239، دەست پێدەکات تا لاپەرە 263، لەم بەشەدا ئەو شیعرانە تۆمار کراون، کە بۆمەرگی خۆشەویستان و بۆسەر کێلی ئازیزان نووسراون، زۆرترین شیعرەکان چوارینەن، لە کۆتایی ئەم بەشەدا، چوار چوارینەی تر هەن کە تایبەتن بە ژیان وەک: (ژینی

دنیا، ژیانم، دنیای ژیانمان، ژیان ومردن)سێ چوارینەیان مێژووی ساڵی 1991ی بەسەرەوەیە، کۆتا دانەیان بێ مێژووە.

7- ناونیشانی ( هەمەرەنگ)ی هەڵگرتووە، (15) شیعری لەخۆگرتووە، زۆربەی شیعرەکان سەروادارن، لە لاپەڕە (265) دەست پێدەکات تا لاپەرە (299)، یەکەم شیعری ئەم بەشە، بە سروودە ناودارەکەی (ئالای میللەت) کە لەساڵی 1972 داندراوە، دەست پێدەکات. شیعری (کۆیە شاری ئەدەب وراپەڕین) یەکێکی ترە لە شیعرەکانی ئەو بەشە، شارەزا ناوی زۆربەی شاعیرو کەسایەتییە دیارەکانی شاری کۆیەی خستۆتە ناو دێرەکانی ئەم هۆنراوەیە. وەسفی کردون، پاشان لە پەراوێزدا بەدرێژی باسی ژیان و ڕۆڵی کەسایەتیەکانی نووسیوە، وەک فەرهەنگێك وایە، بەخویندنەوەی خوینەر شارەزایی باشی دەست دەکەوێت، دەربارەی شاعیرو ئەدیب و ناودارانی کۆیە .

8- بەناونیشانی(لەپەراویزی شەری براکوژیدا) لەلاپەڕە (303) دەست پێدەکات تالاپەڕە (384)کە (21) شیعری لەخۆگرتووە، مێژووی دوای دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستانیان بەسەرەوەیە، شارەزا یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خەمی شەڕی براکوژی هەراسانی کردووە، بۆیە جگە لەوەی کۆمەڵێك شیعری بۆبەدیار خستی لایەنە خراپەکانی شەڕی براکوژی تەرخانکردووە، بە کردەوەش ڕۆڵی گێڕاوە بۆ کۆتایی هینان بەشەری براکوژی. لەساڵی 1994 لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەرو شاعیر، خۆپیشاندانیان کردووەو نامەی نارەزاییان گەیاندۆتە، سەرۆك و سەرکردایەتی حزبەکان، بۆ کۆتایی هینان بە شەری براکوژی (شارەزا، 2021، 262). دوایین شیعری ئەم دیوانە، لەساڵی 2013، بۆ مەرگی هاوژینەکەی نووسیوە .

**بەشی دووەم**

**تەوەرەی یەکەم**

**1- ژیانی ڕۆشنبیری:**

چەمکی ڕۆشنبیری واتاو دەلالەتی زۆر لەخۆی دەگرێت. زۆر پێناسەی جیاواز و جۆراو جۆری بۆ کراوە، لە نێو بیرکردنەوەی هەرتاکێکمان جۆرێك لە ڕوانین و هەستکردن بە واتایەکی قوڵ خۆی دەدات لە پەردەی لێکدانەوەی بیر و خەیاڵمان، هەموو تیروانینەکانی شارەزایان لەم بوارەدا لە پێناسەیەک و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەند پێناسەیەك كۆناكرێتەوە، ئەوەی كەسی ڕۆشنبیرلە كەسی نارۆشنبیر جیادەكاتەوە، ئەو كردارو ڕەفتارو هەڵوێستانەن، كە وایكردووە، لە زەینی هەرتاكێكمان هەست بە جیاوازیان بكەین. ناكرێ ڕۆشنبیری تەنها هەر لە یەک بواروو لەیەک شێوازو و ڕەفتاردا قەتیس بكرێت، هەندێك نووسەر ڕۆشنبیری بۆ بەش و جۆری جیا جیا دابەش دەكەن " ڕۆشنبیری یەك بوار ناگرێتەوە، بەلكو زۆر چەشنە ڕۆشنبیری هەیە: ڕۆشنبیری قوتابخانە، نەتەوایەتی، ئایینی، سیاسی، هونەری، كۆمەڵایەتی، ئابووری و ... هتد. هەندێ جاردەڵێن، یا ناوی دەبەن بە ڕۆشنبیری گشتی، واتە مرۆڤ لە هەربوارێكدا شتێكی گچكەو كەم بزانێت" (عیسا، 2002، 80). بۆیە هاسان نییە بتوانیین پێناسەیەكی تەواو پڕ بەپێست بۆ ڕۆشنبیر بكەین، تێروانینەكان بۆ ئەم بابەتە لەدیدی مرۆڤەكانەوە بۆ ڕۆشنبیرو ڕۆڵی ڕۆشنبیران جیاوازە " گۆشە نیگاكان لەمەڕ ڕۆڵی ڕۆشنبیر لێكجودان، ئاراستەیەك وا بیردەكاتەوە ڕۆشنبیر بوونەوەرێكی خەیاڵی دابڕاوە لە دنیای دەوروبەر، بەتەنها كاری بەرهەم هێنانی مەعریفەیە، یەكێك لەو بیرمەندانەی ئەم بیركردنەوەی هەیە (ژان بیندا)یە، بەڵام لە بەرامبەردا ئاراستەی دووەم پێیوایە ڕۆشنبیر سەرباری بەرهەمهێنانی مەعریفە بەشداری و هەڵوێستی هەیە لە هەمبەر ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەریدا هەن، هزرمەندی ناسراوی ئەمریكی بەڕەگەزعەرەب(ئێدوارد سەعید) بەدرێژایی یەكێک لەكتێبەكانی(وێناكانی ڕۆشنبیر)هەوڵیداوە بەمجۆرەی سەرەوە پێناسەی ڕۆشنبیربكات" (پەری، 2007، ).كەواتە دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیر خاوەن كەسایەتیەكی تایبەتییە، بەرهەمی ئەزموون و كاركردن و خویندنە لە بوارێكی تایبەتدا، ڕۆڵی هەیە لە خزمەت كردن و ڕێگا ڕۆشنكردنەوە لە ناو كۆمەڵگادا. ئەگەر سەیری ژیانی شارەزا بكەین هەر لەناو خانەوادەو خویندن و بەشداریەكانی لەچالاكیەكانی قوتابخانەو هاتوچۆی كتێبخانەو بەشداری كردن لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەكانی سەردەمی خوێندن لە بەغدای پایتەخت و بوون بەمامۆستا لەشارەكەی و ڕیزگرتن لە مامۆستا و خزمەتی قوتابیان و بەشداری لە كۆمەڵەو ڕیكخراوە پیشەیی و ئەدەبییەكان. هەموو ئەو ڕووداو بەشداری كردنانە وای كردووە شارەزا وردە وردە ئەزموون كۆبكاتەوەو پەرە بە بیری ڕووناكی خۆی بدات و وەک ڕۆشنبیرێكی كورد بناسرێت.

## 2- شارەزا وەك ڕۆشنبیرێكی كورد:

دوای دامەزراندنی وەك مامۆستا، یەکەم کردەوەی ڕۆشنبیرانەی سەیر کردنی مامۆستاکانی جارانی بوو هەر بەچاوی مامۆستا و خۆی وەک قوتابی ڕێزی لێگرتوون، پاشان کەوتۆتە خزمەت کردنی خانەوادەکەی و کەموو کوڕی و پێداویستیەکانی ژیانی بۆ پڕکردوونەتەوە، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت. زۆر بیرکراوەو ڕۆشنبیرانە ڕەفتاردەکات، جوانترین هەڵوێست دەنوێنێ " لە پشووی نیوەی ساڵی 1953 – 1954 لە ڕۆژی 11/ 2/ 1954دا کە ڕۆژێکی باراناوی و ساردبوو بەبێ شایی و ئاهەنگ بووك گواسترایەوە و ژیانێکی هاوسەریمان بە تەبایی دەست پێکرد و لە بارەی بیر و باوەڕەوە منی شیوعی و ئەوی هەواداری پارتی دیموکراتی کوردستان ئازادی بیرو باوەڕمان لە یەکدی قەدەغە نەکرد و بە هیچ شێوەیەک هەستی یەکترمان بریندار نەکرد " ( شارەزا، 2021، 106). ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ لە ناو ماڵ و کەس و کارەکەیدا ئازادی و بیرو ڕای جیاواز قەبوڵ بکات، هەرگیز ناتوانێ لە دەرەوە ئەم جیاوازیە بە شتیکی ئاسایی وەرگرێت. ئەمانە هەموو ئەو هەنگاوانەن کە وایان کردووە شارەزا وەك ئەستێرەیەک وەک ڕۆشنبیرێک بێتە مەیدانی خزمەت و کاڵ کردنەوەی بیرو ڕای جیاواز و خۆپەرستی. شارەزا وردە وردە دەردەکەوێت و دەناسرێت تاوای لێدێت قائیمقامی شارەکە داوای لێدەکات وتاری قائیمقامیەتی بۆ بنوسێت بۆ بەشداری کردن لە گردبوونەوەی خەڵکی شاری کۆیە بۆ پشتگیری لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم.(شارەزا،2021، 115).

لەزۆربەی بۆنەکان ڕۆڵی هەبووە لە بەڕیوەبردن و گێرانی کۆڕ و تیایدا شیعری خویندۆتەوە. هۆکارو هاوكار بووە بۆ کۆکردنەوەی هونەرمەندان وڕۆشنبیرانی شارەکە؛ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، لەساڵی 1957 لەلایەن ئەندریۆس خەمۆ ناسراو بە باکووری، دروست کراوە. بەمەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ لێقەوماوانی لافاوەکەی شاری سلێمانی، بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی، ئاهەنگێکی گەورەی مۆسیقاو گۆرانی و شانۆ، لەسەرشانۆی قوتابخانەی ناوەندی کۆیە پێشکەش دەکەن، باکوری سروودێکی نیشتیمانی نوێی بەناونیشانی(لەخەوڕاپەڕە)پێشکەش کردووە، کەشیعری کەریم شارەزابووە (باکوری، 2008، 88). شارەزا ڕۆڵی هەبووە لە دروست بوون و کارو چالاکیەکانی (کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەرەجوانەکان لەکۆیە) وەک جێگری سەرۆک و سەرۆکی بەشی ئەدەب بەرپرسیاریەتی هەبووە. " لیژنەی ئەدەب کەریم شارەزا سەرۆکی بوو، ڕاسپێردرا کە ڕاپۆرتێکی فراوان لەسەر جولانەوەی ئەدەبی کوردی لەناوچەی کۆیە لە کۆنەوە تا ئەوسا بنووسێ ، لەئەنجامدا لە ماوەی

ساڵێکدا (کۆیەو شاعیرانی) ئامادەکرد بۆ چاپ، کەچی لەبەر بێدارایی ئەو ڕێکخراوە، نووسەر ناچاربوو لەساڵی 1961 لەسەر ئەرکی خۆی بەشی یەکەمی چاپ بکات." (شارەزا، 1961، 12 ).

ئەم کۆمەڵەیە لە چالاکییەکانی بەردەوام بوون تا ساڵی 1961 لەو ماوەیەدا سێ هەڵبژاردنیان ئەنجام داوە، بەڵام بەهۆی گرتن و دوورخستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵەکە، لەساڵی 1961 دەست بەسەر کەلو پەلەکانی کۆمەڵەدا دەگیرێت و کۆتایی بەچالاکیەکانی دێت. شارەزا یەکێك دەبێت لە دوورخراوەکان بۆ خوارووی عیراق(شارەزا، 1979، 53) .

شارەزا ماوەی شەش ساڵ دورخراوەتەوە، لە پێناو گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کەمایەتی نەنواندووەو پاکانەی پڕ نەکردۆتەوە. دوای گەڕانەوەی بۆکوردستان لە شاری مەخموور دەبێتەوە مامۆستا، لەو شارەش خزمەتیکی باشی ئەنجامداوە، ئاستی قوتابیانی بەرزکردۆتەوە، چالاکی هونەری و ئەدەبی لە قوتابخانەکانی مەخموور ئەنجام داوە، دواتر کە گەڕاوەتەوە بۆهەولێر، وەك مامۆستایەکی دڵسۆز بەردەوام بووە، لە بواری نووسینی شیعرو لێکۆڵینەوە و ڕێک خستنی کۆڕی ئەدەبی و هونەری و کاری ڕۆژنامەوانی دەوری باشی بینیوە، لە ساڵی 1970 لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد بووەتە ئەندام، لە کۆتاییەکانی ساڵی 1970 یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، لەپایزی ساڵی 1973 بە ئەندامیی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا هەڵبژێردراوە. ئەندامی لیژنەکانی ئەکادیمیای کوردی بووە، لە ماوەی تەمەنی دا وەک ڕۆشنبیرێکی کورد هەڵوێستی کوردانەو مرۆڤانەی نواندووە.(شارەزا، 2021، 262).

شارەزا لە ماوەی تەمەنی دا وەك ڕۆشنبیرێکی بە ئەزموون خۆی نواند، نەبووەتە دیلی بیرو باوەڕێک، بۆ هەموو کورد نووسی و خزمەتی کرد، وەك پەلکە زێڕینە لەتیشکی خۆری کوردایەتیەوە ڕۆشنایی وەرگرتووەو بەرهەمە جۆراو جۆرو هەمە ڕەنگەکانی لەئاسمانی کوردستاندا، بەسەر ئەدیب و ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستان پەخش و بڵاو کردۆتەوە .

### 3- بواری ئاشتی و کۆمەڵایەتی.

### أ- هەڵوێستی ئاشتی خوازانە:

ئاشتی ئەو چەمکەیە کە وێنای دۆخێکی ئارام و هیمن و دوورلەشەرو ئاژاوەو دڵەڕاوێکێ دەخاتە بەر چاو. لەسایەی ئاشتی دا ژیان جوانتر دەردەکەوێت، مانای ئەوەنیە لە ئاشتیدا، ململانێو کێشە نەبێت،

بەلام لەئاشتیدا کێشەو ململانێکان، ترس و تۆقاندن بەرهەم ناهێنن، زۆرجار لەوانەیە داهینان و بەرهەمی لێبەدی بێت. کەواتە ئاشتی یەکیک لەواتاکانی لەوانەیە بریتی بێت لە نەمانی شەڕو خوێن ڕشتن. بەکاردیت بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان، بەهای دەروونی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتیەکەی زیاتر ئەوکەسانە درکی پێدەکەن، کە لەناو بەڵای ناخۆش و نەهامەتیەکانی جەنگدا ژیاون.(غنیمات، 2021، 1).

شارەزا مەسەلەی ئاشتی بەگرنگ و بەهەند زانیووە، چ وەک سیاسییەک پەیوەست بەبنەما سەرەکیەکانی فەلسەفەی زانستی و سۆشیالیزم، چ وەك تاکێکی کوردی ئاشتیخواز. بۆیە مەسەلەی ئاشتی بە ڕیگای بەدیهاتنی ئازادی زانیووە. لەشیعری (جەژن)دا بەم شێوەیە باس لە ئاشتی دەکات:

جەژن لای هەندێ گۆشت و پلاوە
خەنەو خامەک و شاییی وشەکراوە!
دوڕو مرواری و زێرو دراوە
بەڵام ئەمانە خەیاڵیان خاوە
جەژن، ئازادی بیرو باوەرە
جەژن ئاشتییەو نەمانی شەڕە!!! (شارەزا، 2016، 95).

ئاشتی بە مایەی هاتنەدی شادی، خۆشەویستی و ئازادی دەزانێت، بۆیە هەموو ئەم چەمکانە لە چوارینەیەک دا لە ژێر سێبەری چەتری ئاشتی کۆدەکاتەوە.

لە ژێر سێبەری ئاشتیا
مەستی شەربەتی شادیمە
لەسایەی خۆشەویستیا
سەرخۆشی مەی ئازادیمە (شارەزا ، 2016، 142).

**ب- ژن لە دیدی شارەزادا:**

لەڕابردوودا ژن لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕۆڵ و بوارەی پێنەدراوە، بتوانێ هاوشانی پیاو، ڕۆڵی خۆی ببینێت و گوزارشت لە بوونی خۆی بکات. بەڵام ئەمە لەشارێکی وەك کۆیە تاڕادەیەك جیاوازی هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی پیاوێکی زاناو ڕۆشنفکری وەک مەلای گەورەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆیە، لە ساڵی 1924 بواری خوێندن بۆ نەجیبەخانی کچی فەراهەم دەکات و هاوشانی کوڕان دەست بە خویندن دەکات. ئەگەرچی مەلا ڕەئوفە فەندی باوکی دڵداری شاعیر، بەر لە مەلای گەورەی کۆیە، (زەینەب)خانی کچی لە ساڵی 1906 خستۆتە بەر خوێندن، لە قوتابخانەی ڕوشدیەی کچان لەشاری بەغدا.(زەنگەنە، 2018، 35).

بۆیە هەست دەکەین لە شاری کۆیەدا تاڕادەیەکی باشتر لە شارەکانی تر گرنگی بە ژن دراوەو بواری بۆ ڕەخساوە. شارەزا لەم شارەدا لەدایکبووە، لەم کەشە ڕۆشنبیریەدا گەشەی کردووە، بۆیە لەمەسەلەی گرنگی دان بە ڕۆڵی ژن کەمتەرخەمی نەکردووە، دواتریش کە وەک کۆمۆنیستیك دیتە مەیدانی سیاسی ئیتر جیاوازی ڕەگەز بەلای ئەوەوە بوونی نەبووە، ژن و پیاو وەک یەک سەیر کراون. قەڵەمەکەی بێبەش نەکردووە لە نووسین لە سەر ژنە تیکۆشەرو ناودارەکان، بۆ نموونە تەنها لە کتێبی (قامووسی ناوە نەمرەکان) شەش بابەتی شارەزامان بەرچاو دەکەوێت، لەسەر شەش ژنی کورد:

1 -ئافرەتی شۆڕشگێڕی کورد (قەدەم خێر)ی فەیلی.
2 -ئافرەتی ناودارانی کورد عادیلە خانم.
3 -خزمەت گوزاری کوردو خەمخۆری ئافرەتانی کوردستان حەپسەخانی نەقیب.
4 -کچە کوردی خەباتگێڕ و بووکی کوردستان شەهید لەیلا قاسم.
5 -ئافرەتی نیشتیمان پەروەری کورد خاتوو ساکینە سولەیمان.
6 -ئافرەتی ڕووناکبیری هۆشیاری کورد نەجیبە خانی جەلی زادە. ( حەیدەری و ئەوانیتر، 2014، 54 - 83).

دیدی شارەزا بۆ مەسەی ژن بینینێکی سەردەمیانەو نوێخوازانەیە، هەمیشە بڕوای بە پێشکەوتنی کۆمەلگاهەیە لەڕێگای یەکسانی و هاوبەشی ژن، لەکایەکانی ژیان. بۆنموونە: خۆی فریشتەی خوشکی و براژنەکەی فێری خوێندەواری کردووە، کاتێکیش خوشکە فریشتە چ وەک سیاییەک یان وەک شاعیرێکی ژن دەرکەوتووە، هەمیشە شانازی پێوە کردووە .

خاتوو فریشتەی دانای ڕۆشنبیر
لە ڕێگەی خەبات بەڕاو تەگبیر
لە تیکۆشانا بەدەست و بردە
نموونەی دیاری ئافرەتی کوردە. ( شارەزا، 2016، 293).

دوای ئەوەی هاوسەرگیری پێك هێناوە، خێزانەکەی بیروو باوەڕی جیاواز بووە، بەڵام دژی نەبووە، دوایین شیعری لەساڵی 2013 بۆکۆچی دوایی هاوسەرەکەی نووسیووە.

هیچ گوڵێك نییە ، لەباخی ژیان، هەتاسەر گەش بێ

ڕۆژێك دێ بەبای ئەجەل هەڵوەرێ ، وەك دڵم ڕەش بێ

ئەوەی تا دوێنێ، هەوێنی شادی و مایەی ژینم بوو

ئەمڕۆ کۆچی کرد، لە جێگەی شادی، خەم و شینم بوو(شارەزا، 2016، 384).

باوەڕی تەواوی بە بەشداری کردنی ژنان هەبووە شان بەشانی پیاوان بۆ بەرەو پێش بردن و خزمەت کردنی کۆمەلگا، لەدەقی شانۆگەری (ڕێگەی بەختیاری)دا، لەسەر زاری کارەکتەرێکی ژن بەناوی (زارا) دەڵێت:

ئافرەتیکی خویندەوارو ڕۆشنبیرم

لە کارو فرمانی کارگە

شارەزاو هۆشیارو ژیرم

شان بەشانی براکانم

بەکرداری باش و بەرهەم

خزمەت دەکەم

ڕۆڵەکانی نیشتیمان!!( شارەزا، 2016، 228).

لەسەر زاری کارەکتەری (ئازاد)دەڵیت:

پیاو و ئافرەتی خوێندەوار

دوو کۆڵەگەی

بە هێزی جەستەی کۆمەڵن

تا پێش نەکەون پیاو و ژن

ناگەینە لوتکەی سەرکەوتن.( شارەزا، 2016، 235).

هانی ئەم ڕەگەزەی مرۆڤ دەدات لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی و مافەکانی، دەستەوەستان نەبن و خەبات بکەن. لەشیعری (بۆ کیژۆڵە گریاوەکە) دا دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێ بەرامبەر کارەسات
خۆڕاگر بی
بۆ گیانی ناپاکی دوژمن
بڵێسەو گڕی ئاگر بی
بە باوەڕێکی زۆر بەتین
دەبێ ڕێگەی خەبات بگری
لەبەر کۆسپی ڕێی تێکۆشان
ڕۆندك نەرێژی قەت نەگری(شارەزا، 2016، 275).

**بەشی دووەم**

**تەوەرەی دووەم**

## 1-هەڵوێستی سیاسی:

شاری کۆیە بە حوکمی ئەوەی، مێژوویەکی پڕشنگداری هەیە لەبواری ڕۆشنبیری و جولانەوەی ڕزگاری خوازانە، مەڵبەندێکی گرنگی بیری نەتەوایەتی بووە، ئامانج و بیری دەوڵەت دروست کردن، پێشەنگی بیرە سیاسییەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ کۆیەو بۆ گیانی شۆڕشگێری حاجی قادری کۆیی دەگەڕێتەوە. لەدوای ئەویشەوە کەسایەتی و خەڵکی ناسراوی لەوبوارانەدا تیادا هەڵکەوتووە، وەک: مەلای گەورە، کە لەڕووی بیری نەتەوایەتی و خەونی دەوڵەت دروست کردن و بڵاو کردنەوەی زانست و زانیاری، دژایەتی کردنی خورافیات کاری نابەجێی بەشێک لە شێخەکان، هەمان ڕێگەی حاجی گرتووە. مەلای گەورە - مەلا محەمەدی کۆیی 1876- 1943 یەکێکە لەو زانا ئاینیانەی کە قورئانی پیرۆزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە ناونیشانی( تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی )(باجلان، 2009، 7).

دلزاری برا گەورەیشارەزا، کەسێکی کۆمۆنیست بووەو خۆشی وەک لاویکی خوێن گەرم گیانی نیشتیمان پەروەری لە خوینیدا خولاوەتەوە. لەو سەردەمەدا لەشاری کۆیە جگە لە ڕیکخراوی دارکەران کە دامەزرێنەرەکەی دڵداری شاعیربووە، دواتر ناوەکەیان گۆڕیوە بە حیزبی هیوا(طالبانی، 2002، 43).
پاشان دوو حیزبی سیاسی کارو چالاکی سیاسیان ئەنجام داوە، چەندین گردبوونەوەو خۆپیشاندانیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجام داوە، هاوشانی شارە گەورەکانی عێراق، " ساڵی 1948 ساڵی ڕاپەڕینی گەلی عیراق بوو، بە کوردو بەعەرەبەوە دژی حکومەت و پەیمانی تازەی نێوان عیراق وبەریتانیا، ئینجا نەک هەرلەبەغدا، کە ڕاپەڕینی گەورەی بە (وەسبە- وثبة) ناسراوە ڕوویدا، بەڵکو لەشارەکانی تریش لەوانە شاری کۆیە خۆپیشاندان و کۆڕو کۆبوونەوەی خەڵك دژی حکومەت بەردەوام بوو، لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی پەیمانەکە و ڕووخانی حکومەتی(ساڵح جەبر)بیروباوەڕی دیموکراسی و چینایەتی بڵاوبووەوە چەندین هەڵبەست و سروودی شۆڕشگێڕی و بانگەوازی ناو خۆپیشاندانەکان وەکو(بژی... بڕووخێ) کەوتنە سەرزاری خەڵکەوە. هەروەها لە کۆڕی چالاکی سیاسیدا دوو حیزب کارابوون، یەکیان حیزبی ( تەحەرور) ڕزگاری سەر بە حزبی شیوعی عیراقی و ئەوی تریان پارتی دیموکراتی کورد بوو." (عبداللە، 2016، 8). شارەزاش لەو سەردەمانەدا چالاکی سیاسی ئەنجام داوە. چ لە بەغدای پایتەخت کاتێك کە خویندکاری پەیمانگابووە، چ لە کۆیە کاتێك مامۆستابووە، جگە لە چالاکی سیاسی و شیعری سیاسی، شارەزا نووسینی زۆرە لەبارەی کەسایەتییە سیاسی و تێکۆشەرەکانی کورد، لێکۆڵینەوەی پوخت و تێرو پڕی لەوبارەیەوە هەیە. لەساڵی1982دا لەسەردەمی ڕژێمی بەعس لەگۆڤاری نووسەری کورد، لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی (سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی لەنیوان خانی و حاجی قادری کۆیی دا) بڵاوکردۆتەوە، هەڵویستی سیاسی و کوردپەروەرانەی خۆی ئاویتەی نووسینەکەی کردووە، وەک سیاسیەکی گەورەی کورد لەو سەردەمە نالەبار و دژوارەدا، بەقەڵەمەکەی، نەخشەی یەکگرتنەوەی کوردستان و ڕزگاربوون دەکێشیت، لەوێدا نووسیویەتی: " ئەگەر لە سەدەکانی پێشوودا شیعری سیاسی لە چوارچێوەی شانازی کردن بە ئازایەتی ڕۆڵەکانی نەتەوە دەسوڕایەوە، دەبینین لە دوا دوای سەدەی ڕابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەماندا خۆی لە دەورەی خەباتی شۆڕشگێڕیی و نەخشە کێشان بۆ ڕێگەی رزگاری نیشتیمان و نەتەوە لە چنگی دوژمن و یەکگرتنەوەی بەشەکانی ئاڵاندووە" (شارەزا،1982، 6).

### أ - لەبواری سۆسیالیزم و یەکسانی:

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی و لەناوبردنی نازیەت و فاشیەت و سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت، بووە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی خێراو بەربڵاو ئایدۆلۆژیای مارکسی لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی تەشەنە بکات، کاریگەریەکی زۆری کردۆتە سەرشاعیرانی ئەو سەردەمە.(غفور، 2015، 63).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆیە لەکۆنەوە مەکۆیەکی سەرەکی جولانەوەی سیاسی و ڕێکخراوەیی بووە. چەپەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، بیری مارکسی هێندە لەبرەو دابووە، تەنانەت گەڕەکیکی کۆیە ناونراوە گەرەکی مۆسکۆ، شارەزا لەو ساتەوە ئەندامی حیزبی شیوعی بووە، لە بۆنەو ئاهەنگ و یادەکانی ئەو حیزبەدا ڕۆڵی هەبووە " من وەك ئەندامێکی ئاسایی پەیوەندیم بە حیزبی شیوعی عیراقەوە هەبوو، مانگانە ئابوونەم دەدا و سەبارەت بە کاك دڵزاری براگەورەم بنەماڵەکەمان بە شیوعی ناسرابوو" (شارەزا، 2021، 98). ناخۆشی و دەربەدەری و گرتن و فشاری زۆریان خراوەتە سەر، لەسەر کوردایەتی و بیری فەلسەفەی زانست خوازی، لە زێدی خۆی دوور خراوەتەوە بۆ خوارووی عیراق. هەمووئەمانە وایان نەکردووە باوەڕی بۆمەسەلەی یەکسانی، دادپەروەری وسۆسیالیزم لەق بێت. هەمیشە بیری لە راپەڕین و تیکۆشان کردۆتەوە بۆدەستەبەر کردنی یەکسانی و نەهێشتنی چەوسانەوەو گەیشتن بە کامەرانی هەموو چینەکانی کۆمەڵ.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمموز و گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتی بۆ کۆماری لە عیراق بە سەرکردایەتی، سەرکردەیەکی کۆمۆنیست، شارەزا زۆر بەئومێدەوە دەڕوانێتە ڕووداو گۆڕانکاریەکان، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و ئیشتراکیەت لە حوکمداری نوێی کۆماری ڕەچاو دەکات. بەتایبەتی کاتیک لەسەرەتای دەست بەکاربوونی عەبدولکەریم قاسم، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە عیراقدا دەکرێت، وەک: گۆڕینی حوکمی پاشایەتی بۆ سیستمی فیدراڵی و کۆماری، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەرەبەگی و نەهێشتن و لەناوبردنی دەسەلات و قۆرخکاری هۆز و عەشیرەتەکان، ئازاد کردنی زیندانی کراوانی سیاسی، دانان بەمافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد، ژێردەستە نەبوونی وڵاتانی ڕۆژئاواو گرێبەستە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتە سۆشیالیست و بێلایەنەکان، پەسەند کردنی یاسای باری شارستانی، کەتیایدا مافی ژن وپیاوی یەکسان کرد (بورهان، 2021، 1). بەم بۆنەیەوە زۆربەی گەلانی عیراق بە هەموو چین و توێژەکانەوە بەم سەرەتایە دڵخۆشبوون، 14ی تەمووز وەک جەژنێکی نیشتیمانی ئەژماردەکرا، شارەزاش وەک هەرتاکێکی کورد، ماوەیەکی باش سەرمەستی شیلەی ئەو سەرکەوتنانە دەبێت، کۆمەڵێك شیعر بۆ شۆڕشەکەو ڕێبەرەکەی دەنوسێت، بەردەوام دەبێت لە بڵاو کردنەوەی بیری یەکسانی و سۆسیالیزم، ئەم سەرکەوتنانە بە جەژن و خۆشی ناو دەبات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەیادی ڕۆژێکی پیرۆز
جاویدان وەك جەژنی نەورۆز
جەژنی تەمووزی ئازادی
ڕۆژی نەمانی بێ دادی(شارەزا، 2016، 66).

بەڵام دوای ماوەیەك کە هەست دەکات ڕووداوەکان خەریکە ئاراستەیان دەگۆڕێت و داگیرکەرانی کورد لەهەر رەنگ و شێوەیەکبن، بەرامبەر بە دۆزی ڕەوای کورد، یەک بیرکردنەوەو بۆ چوونیان هەیە، یەکسانی و سۆسیالیزم دروشمێکی بریقەدارە، وەڵامیان بۆ مافی کورد، چەك وکوشتن و لەناو بردنە، شارەزا نائومێدی خۆی نیشان دەدات .

هەلپەرست
دۆست بووی و لێم بووی بە دوژمن
ئەی هەلپەرست، هەی درۆزن
تا دوێنی خۆشەویستت بووم
پێویستت بووم
خزمەت گوزاری هۆزت بووم
بەبەرگی خۆم بەنانی خۆم
بە هێزی بازوو و شانی خۆم
پشتم گرتی
لە ڕۆژی ڕەش  لە تەنگانە
کاتی پیلانی بێگانە
کەچی هاویشتمتە باوەش
ناحەزانی دڵ پڕ لە غەش
بەناچاری
جگە لەمەش
ئەمڕۆ لای تۆ بەدکردارم
تاوانبارم یا نۆکەرم بۆ بێگانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ئەوەی پیشەی تاوانە!!( شارەزا، 2016، 90).

شارەزا چونکە تەوەرەی سەرەکی لە هەڵوێستە سیاسییەکەی کورد و کوردایەتی و خۆشەویستی کوردستان بووە، نەک حزبایەتی و ئایدۆلۆژیا، ڕوونتر ئەو مەسەلەیە دەورووژێنێت. لە شیعری ( وامانزانی )دا بە ئاشکرا باس لەوە دەکات ڕژێمی کۆمارییش لێمان بوو بە داگیر کەر و خوێن مژوو چەوسێنەر. تا نەی ڕووخینین ئازاد نابین.

وامان زانی
داگیرکەرمان لەناو دەرچێ
ئازاد دەبین
وامان زانی پاشایەتی بڕووخێنین
سەرفرازوو دڵشاد دەبین
تا لەبەشێکی شیعرەکەیدا دەڵێت:
نەمان زانی...
دەبێت بە گورگێکی برسی
بە دوژمنێکی چنگ بە خوێن
ژن و منداڵ
گەورەو بچووك هیچ ناپرسێ
هەرچە بکەوێتە چنگی
بەبێ دەنگی وەک ئەژدەهاک
مێشك و کەللەی هەڵدەلووشێ
خوێنی دەکاتە کاسەوە
بە خۆشی و شادی دەینۆشێ
بۆیە ئێمە
تا داگیرکەری ناوخۆمان لەناو نەبەین
ئازاد نابین
تاکو شای تازە گۆڕ نەکەین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرفرازو گوشاد نابین!!! (شارەزا، 2016،164).

**ب - وەک خەباتگێرو تێکۆشەر:**

شارەزا باوەڕی بەخەبات وتێکۆشان هەبووە، بۆ رزگاری گەلەکەی، زۆرترین شیعری شۆڕشگێڕی نووسیوە لە پێناو بەرز ڕاگرتنی ئاڵای میللەتەکەی، سڵی لە مردن نەکردۆتەوەو، وەك لە شیعری ئاڵای میللەت دەڵێت:

میللەت کە هاتە مەیدانی ژیـــــان
بەرزەکـــاتەوە ئاڵای تیکۆشـــــان
ئاڵای ئازادیـی و بەرزیـی وڵاتـــی
دروشمی رێگای هەوڵ و خەباتــی
ئەی ئاڵای میللەت هۆی شانازیمان
نیشانەی شـادی و سەرفیرازیمان
رێ نیشاندەری رێگەی ڕاستیمان
سایەو سێبەری رۆژی ئاشـتیمان
هێزی شۆڕش و فیــــــداکاریمان
تیشکی ڕووناکی ڕێی ڕزگـاریمان
پەیمان بێ پەیمان تا ڕۆژی مردن
هەرگیز نەوەستین لە کۆشش کردن
لەکاتی جەنگ و شـۆڕشی میللەت
ساتــی خەباتی خوێنین و هەڵمەت
لـەبەردەم دوژمن ببین بە پـــــۆڵا
مردیـــن کفنمـــان بکەن بەئـــاڵا. (شارەزا، 2016،267).

شارەزا باوەری بە خەبات و تیکۆشانی دەستە جەمعی هەبووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

من و تۆ
من و تۆ هەردوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشمەرگەی خاکی
کوردستانێک بین
هەردوو سەربازی
ڕاست و دڵپاکی
قارەمانێك بین
ڕۆلەی دلێری
کۆڕی نەبەردی
نیشتیمانێك بین
تا لە کۆتاییدا دەڵێت :
پێویستە تاسەر
لە تێکۆشانا...
هەر شان بەشان بین
لەسەر ڕێبازی
سەختی ژیانا..
ئاڵاو نیشان بین! (شارەزا، 2016، 133).

## 2- هەڵوێستی نەتەوەیی:

کۆیە یەکێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستان، خاوەن کلتوورێکی شارستانی مرۆڤایەتییە، لە هەموو سەردەمەکاندا مەیدانی گەلێک ڕووداوی سیاسی و مێژوویی بووە. حاجی بەڕاشکاوی باس لەوە دەکات، بۆ نەتەوە سازیی و دامەزراندنی دەولەت، تەدبیری کورت و فیکری صائیب ئەوەیە، سەرجەمی میللەتی کورد لەبۆتان تا بابان و سەرحەدی ڕەی هەوڵ بدەن، زمان،خەت، فەرهەنگو جلوبەرگیان، یەکدەست بکەن و ببنە نەتەوەیەکی یەکدەست و یەکڕەنگ.(مەحموودی،2020، 86).

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا وەک شارێکی دیاری باشووری کوردستان دانیشتوانەکەی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون. ئەویش لەژێر کاریگەری هۆنراوەکانی حاجی، هەرزوو خۆیان لەشێوەی دەستەو کۆمەڵەو پارتی نەتەوەیی و نیشتیمانی ڕیکخست.(عبدالصمد، 2018، 231).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم هۆیەوە کۆمەڵێك حزب و ڕێکخراوی سیاسی سەریان هەڵداوە؛ هەر لە چلەکانەوە بگرە پێشتریش حزب و ڕێکخستنە نیشتیمانییەکان (هیوا، شۆڕش، ڕزگاری، دارکەر، حزبی شیوعی و دواتر پارتی) ڕەگو ڕیشەیان داکوتاوەو پەلوپۆیان هاویشتووەو جەماوەریان لە خۆ هاڵاندووە ( ئاسنگەر، 1999، 154). شارەزا لەناو ئەو کەشە نیشتیمانی و نەتەوەییە، گۆشکراوە، دڵدار کە بنیات نەری ڕیکخراوی دارکەران و حیزبی هیوا بوو، هەڵگری بیر و ستراتیژی نەتەوەیی بووە (تەیب، 2008،120). شارەزا یەکەم وانەی نەتەوەیی لەسەر دەستی دڵدار وەرگرتووە." دڵداری شاعیری نیشتیمان پەروەری کورد دوای مامۆستا سابیرئیسماعیل یەکەم کەسبووە مەشقی خەباتی کوردایەتی بۆ داداوم" (شارەزا،2021،50). ڕاستە شارەزاو بنەماڵەکەیان بە خانەوادەیەکی شیوعی ناسراون، لەو ڕیگەیەوە هاتوونەتە نێو دنیای سیاسەت؛ بەڵام وەک پەیڕەو کارێکی بیرو ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی و پابەند بە پەیام وداواکاریەکانی حزب کاریان نەکردووە. دەکرێ بڵێین شیوعیەکی تاسەر ئێسقان نەتەوە پەرست بووین. خەبات و چالاکی و نووسین و شیعرەکانیان پڕە لە هەڵوێستی نەتەوایەتی، بەرهەمەکانیان گەواهی دەری ئەو ڕاستیەن، هەرگیز پاکانەیان لە کوردبوون و خەبات لە پێناوی نەتەوەی کورد نەکردووە. دیوانی شارەزا پڕە لە شیعری نەتەوەیی، نەورۆز و کاوە، زەردەشت و ئاهورا مەزدە، سەلاحەدین، قازی محەمەد، شێخ سەعید، شێخ مەحموود، دەیان سەرکردەو ڕەمزو هێماکانی نەتەوەی کورد، بێ جیاوازی بیرو باوەری سیاسی لە شیعرەکانیدا ناویان هاتووەو شانازیان پێوەکراوە. نووسینەکانی گشت گیرەو بێ جیاوازی لەسەر شاعیرو نووسەرو تێکۆشەرانی کوردی نوسیووە.

خەباتی خوێنینی دەستەی
دڵسۆزەکانی نیشتیمان
بۆ هەمووماں
دەبێتە شەفەقی گەشی
سپێدەی سیحراوی بەیان!!
ڕۆژی ڕووناکی نەورۆزی
میللەتی کورد
ڕۆشن دەکاتەوە دڵی درشت و ورد.(شارەزا، 2016، 102).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە شیعری دوێنێ و ئەمڕۆدا دەڵێت:
شادمان بووم خاوەنی مولکی بابان بووم
خاوەنی ئەورەحمان پاشاو
کەریم خان بووم
من خاوەنی
کۆر پاشای میری سۆران بووم
خاوەنی قازی نەمرو
شێخ مەحموودی قارەمان بووم
من خاوەنی تەخت و بەخت بووم
خاوەن ئاڵاو نیشتیمان بووم...!!
خاوەنی سەلاحەدین و
کۆر پاشا بووین
خاوەنی ئافرەتانی وەك قەدەم خێرو
خانزادی میری سۆران بووین
خاوەنی دکتۆر فوئاد و
شۆڕشگێڕی
وەك شێخ سەعیدی پیران بووین! ( شارەزا، 2016، 115)
شارەزا ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان بووە، لەشیعری پانۆڕامای برا کوژی دا دەڵێت:
کە منداڵ بووم
مامۆستاکەم فێری کردم ؛
ڕۆڵەی خاکی کوردستانم ئەمن کوردم
لەو کاتەوە هەموو ڕۆژێ
سەیری نەخشەی دنیام دەکرد
سەرنجم دەدا گشت لایەك
تەماشای ئاسیام دەکرد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەو هیوایەی نیشتیمانێك  بەدی بکەم
کوردستانی لێ نووسرابێ
لە دەوڵەتانی دنیا بێ
بەڵام ئەفسوس
لەسەر نەخشەی هەموو جیهان
نەمدی قەوارەی کوردستان!!(شارەزا،2016، 327).

## 3-هەڵوێستی چینایەتی:

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین، کەریم شارەزا و دلزاری برای و فریشتەی خوشکی، تەنها بە ئامانجی تێکۆشان و خزمەت بە دۆزی ڕەوای کورد هاتوونەتە مەیدانی سیاسەت، ئەوانە خانەوادەیەکی ئاغان، لە بنەماڵەی حەویزیەکان، بای خۆیان موڵك وماڵ و سەروەتی ئاغایەتیان بۆ ماوەتەوە، دەیان توانی دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن و وەك پاشایان ژیانێکی دوور لە هەرەشەو گرتن و دوورخرانەوە بەسەرببەن، بەڵام  هاتوونەتە مەیدانی خەبات و تیکۆشانیان، لە پێناو دەستەبەر کردنی مافی چینەکانی کرێکارو جوتیارو خەڵکی زەحمەت کیش، دژی چینی سەرمایەداری و دەرەبەگ و نەهێشتنی چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ. لەم بارەیەوە شارەزا نموونەی شیعری زۆری هەیە، لە شیعری (کارگەر و جوتیار)کە هەر لەناونیشانەکەیەوە مۆرکیکی چینایەتی پێوە دیارە، دەڵێت :

ئەی کاکی خۆم
کاکەی فەلاحی ڕەنجەڕۆم
هەردەم لە ڕێگەی خەباتا
من لەگەڵ تۆم
لەم ڕێگایە
پڕ هیوایە
نابێ گوێ بدەین بە گرتن
یا گولـلە باران و کوشتن
قارەمانانە بە تەرزێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێو لەبەرمانا بلەرزێ!((شارەزا، 2016، 94)) .

هانی نەوجەوانان دەدات و لەسەر زاری ئەوانەوە باس لە پاراستنی چینی هەژاران دەکات. لە شیعری (سروودی نەوجەوانان)دا دەڵێت:

ئێمە ڕۆڵەی ڕێی خەباتین
نەونەمامانی وڵاتین
ئێمە بۆ چینی هەژاران
تیشکی ڕووناکی نەجاتین.(شارەزا،2016،268)

## ئەنجام :

1-شارەزا سەرەتای هاتنە ناو دنیای ئەدەبی، لەڕێگەی خوێندنەوەو لەبەرکردنی شیعری شاعیرانەوە بووە. دواتر هەوڵی نووسینی شیعری داوە. بەڵام یەکەمین بابەتی بڵاو کراوەی وتار بووە، لە ڕۆژنامەی هەولێری زمانحاڵی یەکیتی مامۆستایان لەساڵی 1952.

2-شارەزا سەرەتا وەک شاعیر دەرکەوتووە، لە ماوەی ساڵانی 1960 تا 1971 دوو کۆمەڵە شیعری بڵاو کردۆتەوە. بەڵام لەوە بەدواوە، هیچ دیوان و کۆمەڵە شیعرێکی خۆی بە چاپ نەگەیاندووە، لە پاش مردنی، خانەوادەکەی دیوانەکەیان چاپ کردووە، بۆیە هەست دەکەین لەپاش ساڵانی حەفتاکانەوە، کەمتر شیعری نووسیووە.

3- بەشێک لە سروود و شیعرەکانی ئاوازیان بۆ داندراوە بۆسەردەمی خۆی ڕۆڵیان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەو هاندانی گەنجانی کورد. لە قوتابخانەکان بە تیکڕایی لەلایەن قوتابی و مامۆستایان گوتراون، تائیستاش وەك گەوهەرێک دەبریسکێنەوە.

4- کەریم شارەزا، ئەندام ولایەنگری حزبی شیوعی بووە. بەڵام نەبۆتە دیلی بیر و باوەڕەکەی، زۆرترین شعری بۆ بەرگری لە ئاڵا و خاك و نەتەوەو سەربەخۆیی کوردستان نووسیوە. خەباتی گەلی کوردی بە خەباتی گەلانی ئازادی خواز بەستۆتەوە.

5-باوەری بە دەرکەوتن و پێشکەوتنی ژن هەبووە، لەڕیگای شیعرەکانییەوە، بەرگری لێکردوون و داوای کردووە هاوشانی پیاوان خەبات بکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی.**


1. باکووری، ئەندریۆس خەمۆ (٢٠٠٨) تەمەنێك، بەشی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
2. بورهان، ئیسرا، 2021/10/29، عەبدولکەریم قاسم، سایتی زانیاری zaniary.com کۆدی بابەت (7032).
3. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٥) ڕەگوڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، هەولێر، دەزگای کوردستان.
4. پەری، کامەران (٢٠٠٧) پرسی ڕووناك بیری/ ئەرکی ڕۆشنبیر و ڕەوشی ڕۆشنبیری کوردی، سایتی کامەران پەری، kamaranpary.com.
5. تەیب، جەمال فەتحوڵا (٢٠٠٨) کۆیە 1918 – 1958، هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب.
6. حەیدەری،ممتاز و ئەوانی تر (٢٠١٤) قاموسی ناوە نەمرەکان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.
7. حەیدەری، ممتاز(٢٠١٨) حەیدەریینامە، بەرگی چوارەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
8. حەوێزی، دەریا جەمال(د)، (٢٠٢٢) دەروازەیەك بۆئەختەر ناسی، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، لەبڵاوکردنەوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە.
9. خەزنەدار، مارف(د)، (٢٠٠١) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
10. دلزار، ئەحمەد (٢٠٢٠) بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
11. دەشتی، عوسمان (د)، (٢٠٢٢) لە ئاستانەی ڕەخنەولێکۆڵینەوەی ئەدەبدا، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، لەبڵاو کراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.
12. زەنگەنە، عەبدوڵا(٢٠١٨) دیوانی زەینەب خان- کچە کورد، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
13. سەید برایم، ڕەهبەر (٢٠١٤) پرشنگەکانی کەکۆن، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
14. سەید برایم، ڕەهبەر( 2017) پرچی ئایشێ وفاتمان، هەولێ، چاپخانەی ماردین.
15. سابیر، ئاری محەمەد، 2017/7/31، چوار قۆناغ لە دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارێك بەناوی هەولێر، سایتی دەنگەکان.Dangakan.info -
16. سایتی گەلاوێژ، 2020/5/4. . galawej.com .
17. شارەزا، کەریم (١٩٦٠) کۆمەڵە شیعری ئازادی و ژیان، بەغدا، چاپخانەی وەفا.
18. شارەزا، کەریم (١٩٦١) کۆیەو شاعیرانی، بەرگی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی نجوم.
19. شارەزا، کەریم (١٩٧١) کۆمەڵەشیعری ڕیگەی دوور، نەجەف، چاپخانەی نەعمان.
20. شارەزا، کەریم (١٩٧٩) لاپەرەیەکی گەش لە مێژووی هونەری کوردی،گ:بەیان، ژ:(53).

21. شارەزا، کەریم (١٩٨٢) سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی لە نێوانی خانی و حاجی قادری کۆییدا، گ: نووسەری کورد، ژ: (9).
22. شارەزا، کەریم (١٩٩٢) شاعیرێکی ژن لە ژیان ومردنەوە دەدوێت، گ:نووسەری کورد، ژ:(3-4) خولی ڕاپەڕین.
23. شارەزا، کەریم (٢٠٠٩) چۆن نەورۆزمان دەکرد، گ: کۆیە، ژ:(1).
24. شارەزا، کەریم و ئاری، حسین حاجی قادر (٢٠١١) مەلا ئەسعەد و دەقی مەقامە ڕەسەنەکانی، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
25. شارەزا، کامەران کەریم (٢٠١٦) دیوانی شارەزا، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
26. شارەزا، کامەران کەریم (٢٠٢١) بیرەوەریەکانی کاروانی ژیانم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.
27. عیسی، جەمیل (٢٠٠٢) ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە دروست کردنی کەسایەتی لاواندا، گ: کۆسار، ژ:(2-3).
28. عەبدولرەحمان، شێرزاد، 2014/12/29 دووشەمە، کەریم شارەزا ئەوپیاوەی زیاتر لە نیو سەدەیە خزمەتی وشەی کوردی دەکات، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ:(2049).
29. عبدالصمد، زانا طیفور (٢٠١٨) ڕۆڵی یونس ڕەئوف(دڵدار) لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر1937، باسەکانی کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی دڵدار، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
30. عبداللە، شەیدا باسم (٢٠١٦) ئەزموونی ئەدەبی عەبدولرەزاق بیمار، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین.
31. غفور، عبدالصمد قادر(٢٠١٥) ژانرەکانی ئەدەبی لە گۆڤاری هەتاو، نامەی ماستەر، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین.
32. مستەفا، شوکر و سورخی، ڕەحیم (٢٠٠٨) دیوانی قاصد، دهۆك، چاپخانەی خانی.
33.مەحموودی، ئیسماعیل (٢٠٢٠) ڕۆشنبیرانی کورد مەکتەبی ئیستەنبووڵ-کتێبی یەکەم- حاجی قادری کۆیی و گوتاری تازەگەری کوردی ، تاران، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولرەحمان زەبیحی.
34.ووردی، محەمەد تۆفیق(٢٠١٤)شاری کۆیە و چالاکوانی کۆمەلایەتی ئیبراهیم سابیر وەلی، وەرگێڕانی، مەولود ژاکاو، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە.
35. ئاسنگەر، مەجید (١٩٩٩) باری ئەدەبی و ڕووناکبیری پەنجایەکان لە هەولێرو کۆیە، میزگرد، گ:ڕامان، ژ: (40).

**دووەم: سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:**

1. باجلان، جمال محمد فقی رسول(د)، (٢٠٠٩) اثر الاجازة العلمیة فی الترابط الروحي بین المجیز والمجاز وابنائهما (جلی زالدة و هورامی زادة)في کویة نموذجاً, گ: جامعةکویة، ع: (12).
2. غنیمات، اسلام،(د)" 2021/4/26، ماهو السلام، . https://mawdoo.com

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. طابانی، مكرم جمال،(د)، (٢٠٠٢) حزب هيوا، سليمانيه، مركز خاك للنشر والأعلام.

4. ووردی، محمد توفيق(١٩٧٢) مدينة كويسنجق والمصلح الأجتماعی ابراهيم صابر ولی, بغداد, مطبعة الأمة.

# Poetic Works and Reflections of Culture and Attitude in Karim Sharaza's Poetry

**Mohamad Maghded Abdollla**
Department of Kurdish, College of Education, Koya University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
mohamad.maghded@koyauniversity.org

**Osman Hamad Dashti**
Department of Kurdish, College of Education, Koya University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Osman.hamad@koyauniversity.org

***Keywords:*** *Karim sharaza, Poetry, Culture, Attitude, Woman*

## Abstract:

Karim Sharaza is one of the great Kurdish poets and writers. He has served the Kurdish language, literature, art and cultu re for more than 60 years His poems and positions have given great value to his reputation as a Kurdish intellectual. In the field of poetry, he has published three works. Some of his poems have expressed expert views on issues of politics, Kurdish nationalism, struggle and service to literature, art, culture and women. Although we have briefly discussed these issues, but we have tried to show the value of his bright and progressive thought and a drop in the ocean full of gifts of this great Kurdish personality to the readers.

# الأعمال الشعرية و أنعكاسات الثقافة و الموقف في شعر كريم شارەزا

## ملخص:

يعد (كريم شاره زا) أحد أبرز وأعظم شعراء الكورد، وقدم في حياته من خلال 60 سنة من عمره من أجل اللغة والأدب والفن والتراث الكوردي الكثير من الأعمال القيمة والمهمة ، لذلك أدى تضحيات كبيرة ،ولاقى في سبيل

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

القضية الكوردية التهميش والضغوطات السياسية والنفي والقهر أيضا ، كما أن مواقفه أعطت قيمة كبيرة كمثقف كوردى.

أما في مجال الشعر فلديه ثلاثة دواوين شعرية ،وقد بينا من خلال بعض أشعاره وباختصار شديد موقفنا ورؤيتنا ازاء المسائل السياسية والقومية والنضالية ، وكذلك ما قدمه في سبيل الأدب والفن والتراث وقضية المرأة .وقد حاولنا من خلال هذه الدراسة أن نستجلي الأفكار التنويرية والتقدمية وهي غيض من فيض لهذه الشخصية الكبيرة الفذة .